

# دیدار لەگەڵ سیمین بێهبەهانی ژنە شاعیری ناسراوی ئێران

سازدانی میهرداد نوسرەتی:
لە فارسییەوە: ئایدیا

ئەم خەسڵەتە لە شیعردا، واتە لەوپەڕی سادەییدا بەدەرە لە لاساییکردنەوە و لە رەهەندی پیەوەندییە مرۆییەکانەوە، دەکرێت بوترێت هەم نزیکە و هەمیش دوور، واتە واتاکەی هەم بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت و هەمیش شاراوەیە. گفتوگۆ لەگەڵ سیمین بێهبەهانی گێڕانەوەی ژنێکە کە لاپەڕەی رۆژژمێری رۆژانی تەمەنی، لەگەڵ رووداو، رووداوگەلی سەرسوڕهێنەر و هەندێ جار دژبەیەک پێکەوە گرێدراون، لەوانەیە لەو دیدار و لێدوانانەی کە لەگەڵی ئەنجامدراون، چەندین جار گوێمان لێیان بووە. دووپاتبوونەوەی بیرەوەرییەکانی سیمین، چەشنی سەرلەنوێ پاراوی و بووژانەوەی زەوییە بەهۆی بارانەوە.

**ـ سیمین بێهبەهانی ژنە شاعیری ئێرانی، وەکو غەزەلەکانی سەعدی وایە:  گوێگرتنی ئاسانە، لە هەمانکاتدا جەوهەری، فرە پێکهاتەیە، بەڵام تێگەیشتنی نەختێ دژوارە.**

# دووپاتبوونەوەی بیرەوەرییەکانی سیمین، چەشنی سەرلەنوێ پاراوی و بووژانەوەی زەوییە بەهۆی بارانەوە

*** گوایە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لەگەڵ پەروین ئیعتسامی دیدارت کردووە، تکایە باسی وردەکارییەکانی ئەم دیدارەمان بۆ بکە؟**

ئەوەندەی لەبیرم بێت کۆتاییەکانی تەمەنی «پەروین ئیعنسامی»ی و قۆناغی 13 یان 14 ساڵەیی تەمەنی من بووبێت، کەلە کاتی دیداری پەروین لەگەڵ دایکم، منیش ئەوم بینی، وردەکارییەکی تایبەتی نییە ئەم دیدارە، جیا لەوەی کە یەکەم شیعری خۆم بۆ پەروین خوێندەوە و ئەویش ماچی کردم و زۆر بە گەرمی هانی دام لە شیعر نووسین بەردەوام بم.

*** کاتێک دەتانبینین یاد و بیرەوەریی ئەخەوان لەلامان زیندوو دەبێتەوە. ئێستاش لەو شەقامە دادەنیشین کە سەردەمانێک «ئەخەوان»یش هەر لەوێ ژیاوە. باسی ئەخەوانمان بۆ بکە؟**

* ئەخەوان وەک شاعیرێکی رچەشکێن و نوێخواز، بوونی بۆ خۆی مژدەبەخش بوو. گەلێک بیرەوەریم لەگەڵی هەیە. یەکەم جار لە سەرەتای دەیەی 1951 لە ماڵی نەمر سەعید نەفیسی یەکترمان بینی. پێشبڕکییەکی شیعری بوو، کە سەعید نەفیسی و نیما یوشیج داوەری بوون. ماڵەکەی نەمر نەفیسی ماڵێکی بچووک بوو لە شەقامی هیدایەت. یەکەم جار بوو «نیما»م دەبینی، بەڵام چەندین جاری دیکە «نەفیسی»م بینیبوو. جیا لە ئەخەوان، چەند شاعیرێکی تر هەبوون. بڕیار بوو لەوێ باشترین شیعر کە بۆ ئاشتی نووسراوە، خەڵاتی پێ بدرێت، کە «ئەخەوان، هۆشەنگ ئیبتهاج (م.ا. سایە)، سیاوەش کەسرایی و محەمەد عاسمی (شەرەنگ)» ئەو خەڵاتەیان بەرکەوت. خەڵاتەکە ئەستێرەیەکی زێڕین بوو، کە لەسەر پارچەیەکی شین هەڵکەندرابوو. پڕ بە دڵ حەزم لە خەڵات بوو، بەڵام هیچ نیگایەک روو لە من نەبوو. ناقم گیرابوو و بەتەنیا لە گۆشەیەک کزم کردبوو، لەم کاتەدا نیما رووی کردە نەفیسی و وتی: «ئێستا کە هیچ شانۆنامەیەکمان بەدەست نەگەیشتووە و کەسێکیش لەم بوارەدا بەشداریی نەکردووە، باشتر وایە خەڵاتی ئەم بوارەش بدەینە شیعر و «سەعید نەفیسی»یش پێشوازیی لەم پێشنیارە کرد و ئەو خەڵاتەش زێڕینەشیان بە من دا و دڵم کرایەوە. ئەو ساڵە براوەکانیان رەوانەی «کۆنفرانسی ئاشتیی پراگ» کرد، کە «ئەخەوان سالس» بۆ خۆی بەشداریی نەکرد.

**لە کاتی خوێندنم لە قۆناغی دواناوەندی، قوتابییەکی زرنگ و لێهاتوو بووم، بە جۆرێك چوار ساڵی خوێندنم بە دوو ساڵ تێپەڕاند***

**دوایین جارت لەبیرە کە لەگەڵ ئەخەوان قسەت کرد؟ لە شوێنێک خوێندمەوە کە ئەو ڕۆژەی دکتۆر «پەرویز ناتل خانلەری» بە خاک سپێردراوە، ئێوە پەیوەندیتان بە «ئەخەوان»ەوە کردووە، کە بۆچی لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی خانلەریدا بەشداریی نەکردووە چیرۆکەکەی چۆنە؟**

بەڵێ کۆتاییەکانی مانگی ئاپار بوو، لە ماڵی نەمر «حەمید موسەدق» بووین، پێشنیاریکرد کەسێک بڕواتە بەدوای ئەخەواندا. کەسێک ڕۆیشت و ئەخەوانی هێنا، بەڵام باری تەندروستیی دەروونی زۆر خراپ و ناجێگیر بوو، واتە ئەو ڕۆژە بەشداری ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی دکتۆر «ناتل خانلەری بووین»، بەڵام دیسان ئەخەوان نەهاتبوو، ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان بوو، چونکە ئەخەوان و خانلەری دوو هەڤاڵی زۆر نزیک بوون. زۆر کەس کە هۆی ئەم کارەیان لێم دەپرسی، من وەڵامم دەدانەوە و دەموت نەخۆشە و تەندروستیی باش نییە. ئەو ڕۆژە هەرکە گەیشتمەوە ماڵ، دەستبەجێ تەلەفۆنم بۆ کرد و وتم: «ئەمڕۆ بۆ لە ڕێوڕەسمی ناشتنی «خانلەری»دا بەشدار نەبووی؟» وتی: «وەڵاهی زۆر حاڵم خراپە، بەمزوانە هەواڵی مەرگی خۆشم دەبیستی.» دڵم پڕ بوو و پێموت: «خوا نەکات.» وتی: «سیمین جا ئەگەر دوو ڕۆژی تر هەواڵی مەرگی منیشت نەبیست». لەبەر خۆمەوە وتم یان دەیەوێ خۆی لەبەرچاومان شیرین بکات، یان گاڵتە دەکات. هەر هەمان شەو هەمیسان پەیوەندیم پێوە کرد، هەتا ئەحواڵی بزانم. کاتێ تەلەفۆنەکەی هەڵگرت زۆر شاد و بەکەیف بوو و وتی: «تەندروستیم زۆر باشە. خەریکم ڕادەبوێرم.» گۆرانیەکیشی بۆ خوێندم، پاشان ماڵاواییمان کرد. ڕۆژانی دواتر کە دیسان پەیوەندیم پێوە کرد، باری تەندروستیی خراپتر ببوو و بە دەنگیدا هەستم بە زرینگانەوەیەکی سەیر کرد. 24ی مانگی ئاپار بوو کەلە رادیۆوە گوێم لە هەواڵی مەرگی ئەخەوانی ئازیز بوو، ئیدی نەمزانی چۆن گەیشتمە ماڵی ئەخەوان، کە گەیشتمە ماڵیان دکتۆر «شەفیعی کەدکەنی»م بینی و هەردووکمان بە کوڵ گریاین.

*** کتێبێکتان هەیە بەناوی «یادی هەندێ کەس» کە لەوێ باسێکتان لەبارەی هەندێ لە ئایەکانی قورئان هەیە. کە ئەگەر بە باشی لەبیرم بێت، ئەم کتێبە چەندین ڕەخنەی جۆراوجۆری لەبارەوە خرایەڕوو. زانیاری و ئاشنایەتیی ئێوە لەبارەی قورئان و ئەدەبی عەرەبی لە چ ئاستێکدایە؟**

بەڵێ وایە ئاماژەم بە هەندێ پرس لەم بارەوە کردووە، کە لەلایەن «بەهائەدین خورەمشاهی»یشەوە پەسند کراوە، کە بووە هۆی هاندانی من.

*** پێتوایە ناو و بەرهەمەکانی تۆ لە زەینی خەڵکدا هەن؟**

چەندین جار بۆم هاتووەتە پێش و بیرم کردووەتەوە، کە من کەسێکم کە چانسم نەبووە و ژیان بەڕوومدا پێنەکەنیوە، بەڵام کاتێک لەگەڵ خەڵک بەرەوڕوو دەبم، بیر دەکەمەوە کە نابێ ناشوکر بم. زۆر جار وا هاتووەتە پێش، کە لە سەرشەقام کە لەناو کچان و ژنان دەستیان کردووەتە ملم و ئێروپڕ گریاون، کە زۆریان لە خۆم گەنجتر بوون. کاتێ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وەها دیمەنگەلێک، دەمتوانی چ بڵێم؟ هیچ تەنیا گەرووم پڕ بووە لە گریان و پێموتوون: ئاخۆ من چیم کردووە کە بەم شێوەیە خۆشتان دەوێم؟

***گاڵتەی ئێوە ئەخەوان سالس لە پەیوەندی لەگەڵ تەمەنتان، چیرۆکێکی خۆشە. بۆمانی دەگێڕیتەوە؟**

سیمین بێهبەهانی: ئەخەوان لە دەیەی 70ی زایینی لە تەلەفزیۆن بەرنامەیەکی هەبوو، کە تێیدا شیعری شاعیرانی هاوچەرخی دەخوێندەوە.

له یەکێک لەم بەرنامانەدا غەزەلێکی منی خوێندەوە هەتا گەیشتە ئەم بەنیە:

بەسالگی سه منزل نمانده بیش
غریبانه میروم که ئنجا وگن کنم.

لەناکاو و بەدوور لە چاوەڕوانی وتی: «خوا بکاث راسنی ونبێث و ئەمەش بەو مانایە بوو، واتە ئەمەنی زۆرتـر لەمەیە» هـەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی، کە ئەلەفۆنم بۆ کرد و پێموث: وەرە پێکەوە لەبارەی ئەمەنمانەوە گفتوگۆ بکەین، کە ئەویش هاث و چیرۆکی ئەم کارە پڕ لە پێکەنینەی ئەخەوان، بە «گاڵتەی ئەمەن» ناوبانگی دەرکرد.

*** دەرگیری و شەڕی ئێوە لەگەڵ «جەهانشاه ساڵح» چۆن و چۆن بوو، چیرۆکی ئەو زللەیەی کە لە ئێوەی داوە و ئێوەش و لە بەرامبەردا زللەیەکی توندتان لەو سرەواندووە و حیزبی تـوودەش لایەنگرییەکی بەربڵاوی لێتان کرد؟**

لە کاتی خوێندنم لە قۆناغی دوانـاوەنـدی، قوتابییەکی زرنگ و لێهاتوو بووم، بە جۆرێک چوار ساڵی خوێندنم بە دوو ساڵ ئێپەڕاند، پاشان رۆیشتمە قوتابخانەی «مامانی» کە سەرۆکەکەی «جەهانشاه ساڵح» بوو. چالاکیم لە رێکخراوی لاوانی حیزبی «تـوودە» لـەوان شـاراوە نـەبـوو، و ئەوانیش لێم کەوتبوونەوە گومانەوە، هەروەها دەشیانزانی شیعر دەنووسم و بەگشتی دۆخەکە هێندە لە قازانجی مندا نەبوو. ئـازە ساڵی دووەمـی دواناوەندی دەستی پێکردبوو، کە راپۆرتێکی رەخنەگرانەی بێ واژۆ لەبارەی دۆخی نابەجێ و شپرزەی قوتابخانەکەمان لـە یەکێک لە رۆژنامەکانی ئەوکاندا بڵاوکرایەوە، کە «جەهانشاه ساڵح»ی بە تەواوەتی دەهری کرد. پێیانوابوو وتارەکە من نووسیومە، لە حاڵێکدا وا نەبوو. هـەر بـەم بۆنەوە دینم رۆژێکیان «جەهانشاه سـاڵح» پێشی گرتم و زللەیەکی توندی لێدام و منیش دەستبەجێ زللەیەکەم لە بناگوێی دا. هەڵبەتە زللەکەی ئەو بووە هۆی ئەوە کە لای چاوم شین هەڵگەڕا، ئەمەش بەگشتی دەنگ و هەرایەکی زۆری نایەوە. دکتۆر «عەلی ئەکبەر سیاسی» سەرۆکی ئەوکاتی زانکۆی ئاران، جەهانشاهی ناچار کرد و داوای لێبودرنی لێکردم. چەند ساڵ دواتر کە لەگەڵ هاوسەرەکەم بە تەمای سەفەری چین بووین، جارێکی تر لەگەڵ «جەهانشاه ساڵح» بەرەوڕوو بوومەوە، کە جارێکی تر و پێموث: «رێزث هەیە. بەرێزث ماموٚستای من بوویث... بەهەرحاڵ ئەم رووداوە کاتی خۆی جەنجاڵیی نایەوە، ئەم رووداوەم پێشتر بە ئێرونەسەلی لە بیرەوەرییەکانمدا نووسیوە.


سیمین بێهبەهانی

*** هۆکاری ساردیی پەیوەندی تۆ و فـروغ بۆ خـۆی چیرۆکێکی ترە، کە چەندین جار باسیکراوە و خوێندوومانەتەوە، دەمـەوێ لە زمانی خۆتانەوە گوێم لێ بێت؟**

من نێوانم لەگەڵ فرۆغ فەڕوخزاد سارد نەبوو. چەند خولێک هەبوو، کە هەردووکمان پێکەوە تێیدا بەشدار بووین و پێکەوە گەلێک نزیگ بووین و لەبارەی هونەر و ئەدەب پێکەوە گفتوگۆ و وتوویژمان دەکـرد. من و «فروغ فەڕوخزاد و لعبەث والا» هێندە نێوانمان خۆش بوو و لێک نزیک بـوویـن، کە نـازنـاوی «سێ چەکدار»ی شیعری فارسییان پێمان بەخشیبوو.

**سەرچاوە:**

-ماڵپەری ئەدەبیی «مدومە»

http://www.asoyroj.com/kurdish/ – wene/stara2.jpg

KURDISTAN
DIPLOMATIC

گۆڤارێکی سیاسییە،
گرنگی بە دۆز و ڕووداوە سیاسییەکانی
کوردستانی گەورە دەدات

هەموو دوو مانگ جارێك
ژمارەی نوێی
ئایدیا
بخوێنەوە





کۆتایی تراژیدیاییانەی
داهێنەرێکی سودانی
شاعیرو رۆماننوس و هونەرمەندی
سودانی (محەمەد بەهنەس)
لە بوساو لە سەرما کۆچی دوایی کرد
لە دژی
سزای لەسێدارەدان
ئارسەر میلەر..
ئاوێنەی شانۆی
مرۆڤی هاوچەرخ
دەروازە